# پیرۆزبێ‌لەکوردسەرۆک بارزانی

**ئەحمەد دەشتی**



پیرۆزبێ لە کورد سەرۆک بارزانی
کە پێشمەرگەیەبۆ کوردستانی
هەتاکو ئەمڕۆ لە بۆ نیشتان
نەوەستا لە ڕێی مستەفای بارزان
جێی شانازیە بۆ کوردستانم
بۆ سەربەخۆیی خاکی کوردانم
بڕواننە ڕیگەی بارزانی مەزن
هەتاکو ئەمڕۆ لە خزمەت هۆزن
مەسعودیش گەورەو سەرۆکی کوردە
وەکو مستەفا ئازاو و گوردە
لە ژێر پەرچەمی کوردو کورستان
ئەو سەربەرزانە هاتۆتە جیهان
ئەمڕۆش سەرۆکە بۆ کوردستانی
کە پەروەردەیە لە ڕێی بارزانی
سەربەخۆیی کورد لە ڕیگەی ئەوە
ئەو پێشمەرگەیە و هەستی پتەوە
خاکی کوردستان ڕزگاری دەبێ
کە یەکگرتنی کوردم دابین بێ
هۆ کاکە مەسعود پیرۆز بێ لێتان
یەکگرتن هۆیە بۆ سەرکەوتنتان
هەرکێ ڕابەرو سەرۆکی کوردبێ
سەربەخۆیی کوردی دەبێ مەرام بێ
بەسیە باکوردیش چاو لە دەست نەبن
خاوەن کیان و کوردسانیان بن
لە هەرچوار مەرزی خاکی نیشتمان
با هەڵ دەین ئالای خاکی کورد زمان
کوردیش وەک گەلان خاوەنی خۆی بێ
چیتر ژێر دەستەی ئەم و ئەو نەبێ
خزمەتگوزاربین بۆ هەرکێ کوردە
بۆ کوردستانی دڵسۆز و مەردە
یەکگرتن بکەن بە ڕوگەی خۆتان
تاڕزگار ببێ خاکی کوردستان
پیرۆزبێ لیتان سەرۆکاتی کورد
هەر سەر فیرازو سەرکەون وەک گورد
ئەی ڕۆلەی مەزنی بارزانی مەردم





**چاوی لێتانە نەتەوەی کوردم**
**دەورتان بچنن بە مرۆڤی زانا**
**لە خۆتان دوورکەن چاوی نادانا**
**بە هەستی تەسکی حزبایەتی کەس**
**قەت باوەڕ مەکەن بە مرۆڤی ناکەس**
**ئەم هەلەی ئەمڕۆ وا لە ئارایە**
**سەرکەوتنی کوردی لەبۆ نوسرایە**
**کارو پیشەتان خزمەتی کوردبێ**
**هۆی دوا کەوتن و دوورە ستەم بێ**
**هەرگیز ڕەفتارو فیتنەی بەدکاران**
**ڕێ مەدەن کەوا بێنن بۆ یاران**
**کێ خزمەت کاری کوردستانی بێ**
**لەپێشەو سەری بەرزتر دەبێ**
**بوونتان بەسەرۆک مەغرووروتان نەکات**
**هەستی نیشتمان گەورەتان دەکات**
**کوردستان سەروی هەموو شتێک بێ**
**سەربەخۆیی کورد هیوای هەردەم بێ**
**ئاڵای کوردستان بشەکێننەوە**
**سەربەخۆیی کورد وەدی بێننەوە**
**هەولتان تەنیا بۆ کوردستان بێ**
**هەردەم یەکبوونتان لە ناو دلان بێ**
**ڕێگەی هەڵبازو خەراپکار مەدەن**
**دەورەتان بگرن لە دەستتان دەدەن**
**هەرکێ کە دەورەی زانا و دڵسۆزبێ**
**هەڵە ناکات و سەرکەوتوو دەبێ**
**ناپاک و بەدکار لێتان نەزیک بن**
**نەهامەتیەکان لە ڕیگا دەبن**
**سەرکەوتنی کوردان بەزانا بوونە**
**یەک گرتن دووری ڕۆژگاری دوونە**
**قەت نەکەن دەمێ نەزیک نەیار بن**
**بێنە مەیدان و دەستە ڕاستتان بن**
**ئەوانەی گورگن وان لە پێستی مەڕ**
**پەیمانیان داوە بۆ کورد بێنن شەڕ**
**چاکیان بناسن نێننەوە مەیدان**
**لە خۆ نەزیک کەن مەردانی کوردان**
**ڕاوێژکارانتان زاناو دڵسۆز بن**
**پاک و بێ گەرد و هەوار پەروەر بن**



ئەمڕۆ یەکێتی و زانـــایی بوونـــــــــە
سـەرجەم ڕزگاری و سـەرخۆیی بوونە
ســـــــەرۆک و رابەر دادپەروەر نەبێ
سـەرکەوتنی کوردم مســــــۆگەر نابێ
تۆش ئەمڕۆ کەوا ڕابەری کـــــــوردی
هێژا بارزانی شـــــــــانازی هەردی
ســـــــەربەخۆیی کورد بکە بە پێوەر
بۆ یەکبوونی کـــــــورد ببە بە دادوەر
لە گەل دوژمنان قەت ســازش مەکەن
قەت باوەر بە درۆی ناکەســان مەکەن
پیرۆز بێ لێتان ســـــــەروەری کوردان
هەر سەرکەوتو بن بە ســـەر نامەردان
ڕێگای بارزانی و یەکبــــــوونی کوردە
قەت لە بیر مەکەن لەم ڕێگە و هەردە
گوفت و ڕامـــان و بۆچـــــوونەکانتان
هەردەم بۆ کــــورد بێ وەکو جارانتان
وەفـــا داراران و یـــــــارانی دیرین
قەت لەیاد مەکەن وەک بابـەی مەتین
دوژمن بناســــــــن لە گشت بوارەوە
تا کورد ســــــەرکەوێ لەم هەوارەوە
نامــــــــەردو تەرەس زۆرن لە کارن
ئەوان هەمیشـــــــــە دڕکی هەوارن
پیرۆزبێ پیرۆز ســــــەروەری بونتان
ڕۆلەی بارزانی پیشـــمەرگەی کوردان
سەرکەون بە ســـــەر هەموو دوژمنان
بۆ سەربەخۆیی خاکی کوردســــــتان

**بەیادیبڕیاریسەرۆکایەتیکوردستانبۆهێژا کاکە مەسعودبارزانی کەئەمڕۆ لە پەرلەمانی کوردستاندا سەربەرزانەسوێندی بۆ کوردو کوردستانخوارد و پەیمانی دا کوە وەک هەمیشە پێسمەرگەی کوردو کوردستان بێت ، منیش وەکو کورێک پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لە گەلێ کوردو و سەرۆکی خۆشەویستمان کاکە مەسعود بارزانی دەکەم و هیوای سەرکەوتنی بەسەر هەموو دوژمنان بۆ دەخوازم و ئەم هۆزانەشم پیشکەشە بە کاک مسعودد بارزانی کە لەسایەی خەبات و تێکۆشانی ڕاستەقینەو دڵسۆزانەی بۆ کوردو کوردستان ئەم ئەرکە مەزنەی لەم قۆناغە گرنگەو ناسکە دا وەرگرت ، کە ئاواتە خوازم ئەو دڵسۆزو قارەمانەو پێشمەرگە دیرینەی کوردستان و ڕۆلەی مستەفا بارزانی نەمر هەمیشە سەرکەوتوو بێت و هەموو هەنگاوەکانی بۆکوردستانێکی ڕزگارو سەربەخۆ بێت و گەلی کوردستان بەرەو ژیانێکی پڕ لە ئاسودەیی و ئارامی بەرێت لە وەدی هێنانی هەموو ئەرکەکانی سەرۆکایەتی ئەمڕۆی کوردستان بە گیانی یەکگرتنی هەتا هەتایەی کورد هەر سەربەرزو جێگەی شانازی هەموو کورێکی هەست پاک و دڵسۆز بۆ کورد کوردستان بێت**. 14.6.2005